پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەوڵ وکۆششی دەکرد بۆئەوەی ڕۆژی دوو شەممە وپێنج شەممە بە ڕۆژوو بێت

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەوڵ وکۆششی دەکرد بۆئەوەی ڕۆژی دوو شەممە وپێنج شەممە بە ڕۆژوو بێت».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

دایکی ئیمانداران عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەوڵ وکۆششی دەکرد بۆئەوەی ڕۆژی دوو شەممە وپێنج شەممە بە ڕۆژوو بێت، چونکە لەو دوو ڕۆژەدا کردەوەکان پیشانی خوای گەورە دەدرێن، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- حەزی کرد کردەوەکانی پیشان بدرێت لەکاتێکدا ئەو بەڕۆژووە، چونکە خوای گەورە لەو دوو ڕۆژەدا لە هەموو مسوڵمان خۆش دەبێت جگە لە ئەوانە نەبێت کە دەنگ لە یەکتر داپڕیووە هەروەکو لە فەرموودەی تردا هاتووە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6183